# پەتای تەزویر هەڵبژاردنی کۆنگرەی حیزبەکانیش دەگرێتەوە

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا هەڵبژاردن لەنێو دامودەزگاکانی حیزبەکاندا کرا بەمەبەستی کاندیدکردنی ئەندامانی کۆنگرە، بەڵام دیاردەیەکی سەیر بەدیدەکرێت لەم هەڵبژاردنانەدا، ئەویش ئەوەیە پەتای تەزویر خودی هەڵبژاردنی نێو حیزبەکانیشی گرتۆتەوە.

لەم ڕۆژانەدا لەکاتی هەڵبژاردنەکانی کۆمیتەو مەڵبەندەکانی (ی.ن.ک) بۆ کۆنگرە تەزویرێکی زۆر کراوە لەنێو باڵەکاندا، بەو بۆنەوە هەندێک لەکادیرانی یەکێتی لە دەربەندیخان بەیانێکیان دەرکردووە کەتێیدا ئاماژەیان بەوە کردووە گەر بێت و باڵی د. بەرهەم و کۆسرەت ڕەسول یەکنەگرن ئەوا دەدۆڕێن چونکە خەتەکانی تر تەزویرێکی زۆریان کردووە.

# دیسان ڕاگەیاندنەکانی پارتی هێرشیان کردەوە سەر ستاندەر

ماوەیەکە دەزگا ڕاگەیاندنەکانی پارتی زۆر بەتووندی هێرش دەکەنە سەر ڕاگەیاندنە سەربەخۆکان، بە تایبەتی دەزگای ستاندەر، کە دەزگایەکی سەربەخۆیە لە هەولێر، دوێنێ لە بەرنامەیەکی دیمانەیی کەناڵی زاگرۆسدا، بەرپرسی رادیۆی دەنگی کوردستان زۆر بە توندی هێرشی کردە سەر دەزگای ستاندەر.

ناوبراو لە باسکردنی ستاندەردا ووتی "ستاندەر یەکێکە لەو دەزگایانەی کە زۆر بەچەواشەکاری شت لەسەر تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان بڵاودەکاتەوە" و ئەمەی خستە ئەستۆی مەسعود عەبدولخالقی سەرنووسەر.

لە لایەکی تریشەوە ئاسایشی گشتی ڕۆژنامەی ستاندەری بردۆتە بەردەم لیژنەی ئاسایشی نێوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بۆ هەمان مەبەست.

هەروەها پێشتریش هەریەکە لە هەولێرپۆست و ڕۆژنامەی خەبات زۆر بە توندی هێرشیان کردۆتە سەر ستاندەرو بە (کەرەدێز!!) وەسفیان کردووە.

# دەزگای ستاندەر هەڵسا بە چاکردنەوەی گۆڕی مەلای خەتێ لە ڕواندز

دوای ئەوەی ستاندەر هەواڵی ئەوەی بەدەست گەیشت کەوا گۆڕەکەی مامۆستای پایە بەرز (مەلا محەمەد مەلا عەبدولرەحمان) ناسراو بە مەلای خەتێ بەر جادەیەک دەکەوێت، شاندێکی دەزگای ستاندەر دوای دابینکردنی پێداویستیەکانی قەبر سەردانی ڕەواندزی کرد بەمەبەستی چاکردنەوەی گۆڕی مامۆستای پایەبەرز.

ئەمەو هەریەکە لە سەرۆکی شارەوانی شارەکەو قایمقایمی ڕەواندز ڕێخۆشکەرییەکی باشیان بۆ کردن.

لەلای خۆشیانەوە، لەسەر زاری م.سەلاحەدین، بەناوی بنەماڵەی مەلای خەتێ، زۆر سوپاسی شاندی دەزگای ستاندەر و قائیمقام و سەرۆکی شارەوانی کرا، کە بەپەرۆشەوە بەدەم چاکردنەوەی گۆڕەکەی مەلای خەتێ وە هاتوون.

## لە ئەگەری جێبەجێ بوونی ماددەی ١٤٠

# داوای بە هەرێم بوونی رومادی دەکرێ

(مەزهەر حەسەن) سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی رومادی و کەسێکی بەتوانای نێو سەحوە، بە سەرۆکایەتی ئەحمەد ئەبوریشە، داوای کرد هەرێمی رومادی رابگەیەنرێت وەک هەرێمێکی فیدراڵی بەجیا، وتیشی ئەو هەنگاوە خزمەتێکی گەورەی ناوچەکە دەکات و دەتوانێت بەرنامەی وەبەرهێنان و باقی خزمەتگوزارییەکانی تر باشتر پەیڕەو بکەن، ڕەتیشی کردەوە ئەوە بۆ دابەشی عێراق بێت، بەڵکو وتی: زۆربەی بڕیار و نەخشەو پلانەکان ناوەندین، ئەوەش زیان دەگەیەنێتە خزمەتگوزاری گشتی و بواری گەشەسەندنی ناوچەکە، ئەو هەنگاوەش دەبێتە هۆی پتەوکردنی هەرێمی کوردستان و ئەگەری نزیکبوونەوەی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ و زۆر دەرگای تری داخراو بەرووی کورد دەکاتەوە.

# بەپێی لێدوانەکانی یەکێتیش پارتی لە شەهیدکردنی سەردەشت بەرپرسە

لە بیانێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتیدا، کە لە کوردستانی نوێدا بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەوان توانیویانە باندە تیرۆریەکەی سلێمانی ئاشکرا بکەن، داواش لە پارتی دەکەن بەخێرایی ئەو باندە تیرۆریە بدۆزێتەوە کە ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمانیان تیرۆرکردووە.

ئەمەو بەگوێرەی بەیاننامەکە یەکێتی نیشتیمانی خۆیان بێبەری کردووە لەو تاوانەو بەشێوەیکی ناڕاستەوخۆ تاوانەکەیان خستۆتە ئەستۆی پارتی. بەڵام تا ئێستا مەکتەبی سیاسی پارتی وەڵامی ئەو بەیانەی یەکێتی نەداوەتەوە.

هەر لەو بەیاننامەیە ئاماژە بەوەش دەکەن کە ئەفسەرێکی پارتی لە نێو ئەو باندەی سلێمانیدا بووەو دەستگیر کراوە.

پارتیش لای خۆیەوە بەڵێنی داوە کە راستیی روداوەکانی سلێمانی ئاشکرا بکات، وەک ئەوەی بیەوێت بەرپرسانی یەکێتی پێ تاوانبار بکات.

# جارێکی تر ئیسلامییەکان دەستگیر دەکرێن

بەپێی چەند هەواڵێک لەلایەن پەیامنێرانەوە بەدەستمان گەیشتوە، لە چوارچێوەی ئەو گرتنانەی بۆ ئاشکراکردنی ئەو دەستەی کە تاوانی رفاندن و شەهیدکردنی محەمەد تاهیری خرابووە ئەستۆ، کۆمەڵێک کەسی ئیسلامی لەگەڵیان بەرکەوتووە. هەروەها لە ناوچەی دارەتووش بە هەمان مەبەست کەسێکی گەورەی ئیسلامی بەناوی (جەوهەر دارەتوویی) لە هەولێر گیراوە، چەند کەسێکی تری لایەنگری بزوتنەوەو کۆمەڵیش بەرکەوتوون.

هەروەها لەلایەن ئاسایش و بارەگا حزبیەکان فشارخراوەتە سەر مامۆستایانی ئایینی و کەسانی هاریکاریان لێ بانگ دەکرێ.

# دووهەمین نامە و دوایەمین نامەمان بۆ بەڕێزان (کاک کۆسرەت و دکتۆر بەرهەم)

لە دووهەمین بەیاننامەدا کە وێنەیەکی تایبەتی بە ستاندەر گەیشتووە، کۆمەڵێکی زۆر لە کادیرانی (ی.ن.ک) بەیاننامەیەکیان ئاراستەی کۆسرەت ڕەسول و دکتۆر بەرهەم ساڵح کردوە، تیایدا هاتووە:

"ئێمە ئەوکات خەڵکی کوردستانمان لێ بە شاهید گرتن و قەرزارباری خوێنی شەهیدانمان کردن و بەڵێنی بەخشینی سەرو ماڵ و گیانمان پێدان و هیچ داوایەکی شەخسیشمان نەبوو، ڕزگارکردنی یەکێتی نەبێت لەم ئەزمەیە!

پاش بڵاو بونەوەی بانگەوازەکەشمان، برای بەڕێزمان کاک (ن. م) بە نوێنەرایەتی هەموومان لە سلێمانی یەوە پەیوەندی بە جیاجیا کرد بە هەردوو بەڕێزتانەوە. بەداخەوە ڕای هەردوو بەڕێزتان ئەوە بوبو کە کارێکی باشمان نەکردوە! و بەڵێنیشتان دابوو کە ئەنجام بە دڵی ئێمە دەبێت و یەکێتی هی هەموومانەو پاوانی هیچ کەس نییە!

لە بەشێکی دیکەدا هاتووە: "ئێستاش ئەوەی مەبەستمانە بەڕاشکاوانە و لەبەرچاوی گەلە ستەم دیدەکەمان پێتان بێژین ئەوەیە، کەچارەنووسی خۆمانمان لێ دەرکەوتوە و بێگومان چارە نووسی بەڕێزیشتان بە ئێمەوە بەندە، پێبزانن یان نا!...

ئێستاش بۆ دواجار پێتان ڕادەگەیەنین کەئێمە چارە نووسی خۆمانمان لێ دیارە لە پاش کۆنگرەو بەپێی ئەم ئەنجامانەش چارەنووسی ڕەشی ئێوە پێش ئێمە دەکەوێت!!

بەڕێزان... ئێمە بەهەموو لایەک توانیمان - هەزارو سەدوچل کەس بەشداری کۆنفرانسی مەڵبەندەکەمان پێ بکەین، لە کۆمیتەی دەربەندیخان و باوەخۆشێن ئەم بەڕێزانە دەرچوون کە بەشێکی گەورەیان یەکێتی ڕاستین و کەمینەیەکیش قەرسیلخۆری بنەماڵەن... بەداخەوە بەفرۆفێڵ و تەکەتولی نامەسئولانەی باندەکەی مەردان، کۆمەڵێک لە یەکێتییە تێکۆشەرەکان دەرنەچوون!!

لە کۆتایی بەیاننامەکەدا دەڵێن: ئیتر بەڕێزان کاک کۆسرەت - کاک دکتۆر بەرهەم بەتەمای کام چارەنووسن بۆ خۆتان؟؟ لە کاتێکدا بۆ نامە سەراحەتەکەی ئێمە - کە لە سەری سوێند دراین و ئیهانە کراین و ئێمەش لە بێ وەڵامی ئێوەدا تاکەڕێگەی بەردەممان حاشاکردن بوو! تاکە وەڵامی بەڕێزیشتان لەڕێگەی نوێنەرمانەوە بۆ ئێمە وتبوتان( کارێکی خراپیان کردوە)

ئێستاش وەک دوایەمین نامەمان دوو داوامان هەیە!

١- ئەوەی لەسەر ئێمە بوو، وەک هێلکەی پاککراو خستمانە بەردیدی ئێوەو گەلەکەمان و (ئێمە کاری خراپمان کردبوو)، بەڕێزتان کاری چاک بکەن، کۆنگرە سەنگی مەحەکی نێوانمان بێت، کە ئێمە کەسمان ناگەینە کۆنگرە! خوا ڕەحم بە بەڕێزتان بکات ..لەبەر هیچ نا- لەبەر- یەکێتی و خێزانی شەهیدەکانمان.

٢- وەک مەسەلەیەکی ئەخلاقی داوا لە هەردوو بەڕێزتان دەکەین، کە نە خۆمان و نە نوێنەرمان ئاشکرا مەکەن - لە بەر ئەوەی کە زۆربەمان کوڕە هەژار و خاوەن شەهیدو سێدارە و زیندانین و تائەبەد خۆمان بە یەکێتی دەزانین -ئیتر لە مەڵبەند و کۆمیتە بین- یا لە ماڵی خۆمان... هەموو لایەکیش دڵنیا دەکەینەوە - کە ئێمە بەڵێنمان بە یەک داوە - تا مردن یان (یەکێتی دەبین - یان بێ لایەن) و جۆگەی ئایندەمان نارژێتە ڕوبارو دەریای هیچ لایەک و وەفادارین بە خوێنی شەهیدەکانمان...

هەر سەرکەوتوو بن و لە کۆتایدا دەڵێین:-

وما علی الرسول الا بلاغ المبین...

**کادرانی نارازی و غەدر لێکراوی- مەڵبەندی ٢٥ دەربەندیخان**
**کۆمیتەی ڕێکخستنی دەربەندیخان**
**کۆمیتەی ڕێکخستنی باوەخۆشێن**
**دووشەممە**
**١٠ ی ئایاری- ٢٠١٠**

# ٦٨ ڕۆژنامەنووس وەڵامی پارتی دەدەنەوە نا بۆ تیرۆرو تۆقاندن، بەڵێ بۆ ئازادیی

**لە پەراوێزی کاردانەوەکانی شەهیدکردنی (سەردەشت عوسمان)، کۆمەڵێک نووسەر و ڕۆژنامەنووس وەڵامی بەیاننامەکەی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانیان داوەتەوەو وێنەیەکیان بۆ ڕۆژنامەکەمان نارد، ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:**

بەیاننامەکەی مەکتەبی سیاسیی پارتیی دیموکراتی کوردستان کە لە ٢٠١٠/٠٥/١٣ بڵاویکردەوە لەهەمبەر تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس "سەردەشت عوسمان" و ئەو نارەزایەتییە جەماوەرییەی لێیکەوتەوە، ئاماژە بۆ کۆمەڵێ پێشهات دەکات و هەندێ ڕووداوی تێکەڵ و پێکەڵ کردوە کە لە دوورو نزیکەوە پێوەندیی بە فراندن و تیرۆرکردنی کاک سەردەشتەوە نییە. ئەوەی جێی نیگەرانیی و مەترسیی ئێمەیە، پارتیی لە ڕێگەی بەیاننامەکەوە دەیەوێت تیرۆرایزی تەواوی ڕۆشنبیران و نووسەران و دەنگە ئازادەکان بکات. بەکورتیی مەکتەبی سیاسیی پارتیی لەجیاتی بەپیرەوەهاتنی جەماوەر و پێکهێنانی لیژنەیەکی سەربەخۆ بۆ لێکۆڵینەوە لەو کردەوە تیرۆریستییە، شمشێر پیشانی جەماوەر و ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیرانی کوردستان دەدات، ئەوانەی بەشێوەیەکی زۆر شارستانییانە هاوار دەکەن: نابێ کەس لەسەر بیروباوەڕ خەڵتانی خوێن بکرێت.

ئەم هەڕەشانەی پارتیی لەکاتێکدایە کە وەک لایەنێکی سەرەکیی دەسەڵات لە کوردستان چ وەک حزب، چ وەک حکومەت بێدەنگن لەبەرامبەر بۆردومانکردنی کوردستان لەلایەن تورکیا و ئێران و سنووربەزاندنی ڕۆژانەیان بۆ سەر سەروەریی دەسەڵاتەکەیان و خاکی کوردستان، بەڵام زمانی تۆڵە و تەخوینکردن لەبەرامبەر خەڵکانێکدا بەکاردێنن کە داوای ئازادیی و مافی ڕۆژنامەنووسان دەکەن.

بەیاننامەکە سەرتاپای جەماوەرە نارازی و خۆپیشاندەرەکەی کوردستان و هەندەرانیان بە دەست و کلکی لایەنێکی سیاسی کوردستان داناوە، کە بە گوتەی ئەوان بە فیکی بێگانە هەڵدەپەڕن. ئێمە ڕایدەگەیەنین کە وەک کەسانێکی بیرورا جیاواز و خاوەن هەڵوێست و کوردستانیی لەهەمبەر تیرۆرکردنی سەردەشت، بە هیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندیی هیچ حیزب و بزوتنەوەیەکی سیاسییەوە هەڵوێست وەرناگرین، بەڵکو وەک کەسانی ئازادو سەربەخۆو تەواو بێلایەن داکۆکیی لە ئازادیی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەنوسیی دەکەین. هاوکات ناشمانەوێ پێش لێکۆڵینەوەکان و بڕیاری دادگا بکەوین، بەڵام مەترسیی ئەوەمان هەیە، کە چۆن زۆرینەی خەڵک بەهۆی ئەوەوە کە ئەم کردەوەیە لە ناوچەی دەسەڵاتداریەیتی بەکردەوەی پارتییدا ڕوویداوە، تەنیا ئەو لایەنە سیاسییەش بەم ناڕەزایەتیە ڕەوایە تەنگەتاو بووە، هەربۆیە لەباری سیاسیی و یاساییەوە، پارتیی لەم کەیسەدا بە بەرپرسیار دەزانین.

بۆ ئەوەی ڕاستییەکان دەرکەون، ئێمە داوا دەکەین دادگایەکی تایبەت لە پرۆفیشناڵترین دادوەر و لێکۆڵەرە سەربەخۆکانی کوردستان لەژێر سەرپەرشتیی لیژنەیەکی تایبەتی پارلەمانییدا(بەنوێنەرایەتیی هەموو لیست و قەوارە سیاسییەکان) لێکۆڵینەوەکان دەست پێبکەن و تەواوی وردەکارییەکانیش بۆ ڕای گشتیی ئاشکرا بکەن.

بەپێچەوانەوە هەر جۆرە سیناریۆیەکی ناو ژوورە داخراوەکان و کەیسدانان جێگەی گومانی زیاتر دەبێت و ئەم بەرپرسیارییەتە لەئەستۆی پارتیی دوور ناخاتەوە. ئێمە داوادەکەین ئەم کەیسە دیزەبەدەرخۆنە نەکرێت. بانگەوازی هەموو ئەوانەش دەکەین کە خوازیاری ئاشکراکردن و دادگاییکردنی تاوانبارەکانن بەئاشکراو لەدادگایەکی سەربەخۆدا بەئامادەبوونی هەموو لایەنە سیاسیی و قەوارە سیاسییەکانی پارلەمان و کەسانی پسپۆری یاسایی سەربەخۆ، لێکۆڵینەوەکان بەڕێوە بچن.

بۆ ئەم مەبەستە دەنگ بخەنە پاڵ ئەم بانگەوازەی ئێمە و ئیمزای ئەم تۆمارە بکەن یاخود بەهەرشێوازێکی گونجاو کە خۆتان بەباشیی دەزانن نارەزایی دەربڕن.

بۆ ئەوەی دەنگت بچێتە سەر ئەم کەمپەینە، بەم ئیمەیڵەی خوارەوە ناوی خۆت بنێرە. noforterrorising@hotmail.com

**تێبینی: لەژێرەوە ٦٨ کەس واژۆیان لەسەر کردووە**